# بۆ جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەت شارو شارۆچکەکانی کەرکوک و خانەقین و موسل.

دۆژمنانی کوردستان لەسەرەتای دروستبونی ئێراق و لکاندنی زۆرەملەیی کوردستان بە ئێراقی عەرەبی داگیرکەرەوە هەوڵ و کۆشەشی بەردەوامن بۆ تواندنەوەی گەلی کوردستان لە بۆتەی عەرەبیدا و سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەیی و کودستانیەتی ئەو شارانە ، هەڵبژاردن لەم کاتەدا بێ گەڕانەوەی ئەو شارانە بۆ ژێر ڕکێفی کوردستان سەپاندنی بەعەربکردنی ئەو ناچانەیە و بەداخەوە بە ڕەزامەندی دەسەلآتی کوردییە لەلایەن (ینک ، پدک) ەوە پێشوازی لێدەکرێ، ئێمە لێرەدا داوا لە سەرجەم گەلی کوردستان دەکەین بە هەموو شێوازێک ڕێگر بن لە سەرکەوتنی سەرژ مێری هەتاوەکو چارەنوسی ئەو شوێنانە دەستنیشان بکرێت، لەهەمان کاتدا داوا لەو حیزبە دەسەلآتدارەی کوردستان دەکەین کە با بۆ یەکجار بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بخەنە پێش بەرژەوەنی حیزبەکەیانەوە و تۆسقاڵێک وەفایان هەبێت بۆ خوێنی شەهیدان و بەدەنگ ئەم بانگەوازەوە بێن.

ڕژێمی داگیرکەری ئێراق کە ئێستا بە ڕاشکاوی کۆنترۆڵکراوە لەلایەن بەعسیەکانەوە دەیانەوێت بە فێڵی سەرژمێری و هەڵبژاردن سیاسەتی تعریب و کۆیلەکردنی کورد و تورکمان و ئاشوریەکان بچەسپێنن، بەشداریکردن لە سەرژمێری و هەڵبژاردنی ئێراق مانای بەئێراقیبونی کوردە، ئەو بە ئێراقیبونەیە کە کورد و باقی نەتەوەکانی تری کوردوستان وەکە هاووڵاتی ژمارە دوو و سێ و کۆیلە بن و لەژێر فشاری شۆفینیزمی عەرەبیدا بناڵێنن .

هەروەک هەموو دەزانین کە بەعسیەکان ئەوانەی کە تاتەوقی سەریان بە خوێنی گەلی کوردستاندا سورە دەسەلآت دەگرنەوە دەست و دەگەڕێنەوە بۆ سەر هەمان کاری خۆیان و تەنها بەوەش ڕازی نابن بەڵکو هەڕەشەی قەلاچۆکردنی کوردیش دەدەن لەم شارانە بەبەرچاوی هەردوو دەسەلآتی کوردیەوە کە بێدەنگ و بێ هەڵوێستن لەو بارەوە، و لە جیاتی ڕەتدانەوەی ئەو کردەوانە و پاراستنی نیشتمان بڕیارییان داوە کە ئەو شارانە لە هەڵبژاردنی کوردستان بەشدار نەبن و ئەوە مانای ئەوە دەدات کە لەژێر ڕکێفی بەغدای بەعسی بمێنێتەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە میللەت جڵەوی چارەنوسی خۆی بگرێتە ئەستۆی خۆی و بەرەو سەربەخۆیی بکەوێتە ڕێ و بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبێت لە سیاسەتی

ئێراقچیەکان کە بەناوی کوردستانیەوە و لەپێناو بەرژەوەندیە تەسکەکانییانەوە کوردستان دەخەنەوە ژێر رکێفی داگیرکەران و سوکایەتی بە خوێنی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەکەن.

هەروەها بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدەین بە داگیرکەران لەژێر هەر دروشمێک یان پیلانێک کوردستان داگیر بکەنەوە و ئەو شارانە بخەنەوە ژێر ڕکێفی خویان، و پێویستە دوژمنان ئەوە بزانن کە هەموو گەلی کوردستان لە هەموو پارچەکانی ئامادەیە بۆ قوربانی لە پێناو سەربەخویی و ڕزگارکردنی ئەو شارانە.
ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان وەک نوێنەری ڕاستەقینە هێزی سەربەخۆخوازی گەل و نیشتمانی کوردستان ئەوە دوپات دەکەینەوە بۆ گەلەکەمان و داگیرکەرانیش کە لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئامانجی سەرەکیمانە و لەژێر هیچ بارێکدا ئامادە نین سازشی لەسەر بکەین.

بەرەو پێشەوە بەرەو سەربەخۆیی

سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان
ئۆکتۆبەری 2004